کوردستانیکی ئازاد و گەلیکی یەکسان

زنجیرەی پیشرەوەکەت بناسە

( ٧ )

# چەند سواڵەیەکی مەلۆیەک لە خەرمانی بیری پاسۆک

کانوونی یەکەمی ١٩٨٣ ی زایینی — سەرماووزی ٢٥٩٥ کوردی

بەشی راگەیاندنی
پارتی سوشیلیستی کورد
( پاسوك )

پیشکەشە بە وانـەی :

نـانـی گـالـی خـویـا ن نـا گـورنـە وە بـــە
خـورا کـی ســەر ســیـنـی ی بـیـگـا نـە ....

ـ جەماوەر سەرچاوەی بوون و دەسەڵاتە ٠
ـ جەماوەر خاوەنی ئێمەیە ، ئێمە ئاغای ئەو نین ٠
ـ ئەوەی جەماوەری لە پشت بێ سەرکەوتووە ٠
ـ گوللەبەندی هەر کۆمەڵێك جەماوەرە ٠
ـ جەماوەر لە هەر مەترسییەك بمانپارێزێ نابێ گوێ بدەینە هیچ شتێ دڵ و داوای جەماوەر نەبێت ٠
ـ لە جەماوەرەوە پەند وەرگرن و فێریشیان کەن ٠
ـ ئەوەی لە جەماوەر دوا کەوێ کۆنەپەرستە و ئەوەش لێی دابڕێت نامۆیە ٠
ـ پێشڕەوی ئەوەیە نە ئەوەندە لە جەماوەر دوا کەوێ پێشێل بێت و نە ئەوەندەش بفڕێ دابڕێت ٠
ـ سەنگی مەحەکی ڕاستێتیی هەر هێزێك جەماوەرە ٠
ـ داوا و ڕا لەسەربوونی جەماوەر بواری دڵسۆزی و ڕەسەنێتیی هەر کۆمەڵ و بیر و باوەڕێکە ٠
ـ باوەڕ بە خۆبوون نیوەی سەرکەوتنە ٠
ـ دۆستایەتی خاسە بەس کەس بە خۆت نابێ ٠
ـ هەموو نەخۆشییەك چاری هەیە ، بەدنیهادی نەبێت ٠
ـ ڕێبازی چەوت مل بە هەڵدێرەوە دەنێ ٠
ـ خراپ هەر خراپە ، بۆ هەر مەبەستێك بێت ٠
ـ چەوتی هەر چەوتە ، هەر کەسێ بیگرێتە بەر ٠
ـ ئەوەی توولەمار بەخێو کات بەخۆیەوە دەدات ٠
ـ زیادڕەوی هەرزەیییە و سازش ناپاکی ! ٠
ـ دەمارگیریی تاوانە و خۆدان بەدەستەوە خیانەتە ٠
ـ دوژمنی سەرسەخت لە دۆستی ناپاك چاترە ٠
ـ کەس نابێتە نوێنەر و جێگری جەماوەر تەنها دەتوانین جەنگاوەر و پاسەوانی بیـــن ٠
ـ ڕەبروڕەنگ بەرانبەر جەماوەر لە هەموو حاڵەتێکدا تاوانە ٠
ـ جامی جەماوەر کە پڕبوو ، دەبێتە لافاو ٠

هەواڵنامەی کتێب

— دەستی بە رووی جەماوەردا بەرنەبێتەوە ، ناتوانێ لە خزمەتیدا بێت .
— کەس نی یە لە بەردەم لافاوی نارەزایی جەماوەردا خۆی بگرێت .
— ئەوەی نەتوانێ لە ناو جەماوەردا وەك جەماوەر بژی ، ناشتوانێ خزمەتی بـکـات .
— ووتەی بێ کردار وەکو مایە پووچ وایە .
— بە زەحمەت متمانەی جەماوەرت دەست دەکەوێت ، بەلاّم بە ئاسانی لـە دەستت دەچێ .
— ئەوەی جەماوەر فریو دات ، کۆشکی خۆی لەسەر لم دروست دەکات .
— ئەوەی پشت لە نەتەوەکەی خۆی بکات ، سواری کەلّەکی پەڕۆ دەبێ .
— ئەوەی گەلی خۆی نەوێت کەلکی دوستایەتی ناگری .
— دۆستایەتی ی ئەوانە بکەن دۆستی گەلەکانی خۆیانن .
— پارووی بێگانە تێرت دەکات ، بەلاّم لە برسێتی رزگارت ناکات .
— گالّی گەلەکەی خۆت لە سینی ی حەوت تەرحەی بێگانە چاترە .
— چرای دراوسێ لانەی تاریکی تۆ رۆشن ناکاتەوە .
— قوتیلەی مالّەکەی خۆت لە چراخانی دراوسێ بوت رووناك ترە .
— تا چرات دەست نەکەوێ نابێ قوتیلەکەت بشکێنی و تا کارەباشت نەبـێ نابێ دەست بەرداری فتیلەی خۆت بیت .
— ئەوەی برایەتی ی کوردی بە دۆستایەتی ی بێگانەیە بگۆڕێتەوە ناپاکە و خۆفرۆشە ... لە ( کورد ) یتی دەشۆرێتەوە و کەلّکی بۆ بێگانەش نابێ .
— ئەوەی سیاسەت وەك عیبادەت نەکات بازرگانە .
— ئەوەی لە تاوانی بێگانە خۆش بێت ، بەلاّم هەلّەی هاوزمانەکەی لە بیر ناباتەوە ، زۆلّە .
— ئەوەی نەتوانی دان بە هەلّەی خۆیدا بنێ ناشزانێ راستگۆ بێت .
— ئەوەی پێ ی وا بووبێ خەوشە ، یان شێتە یان درۆزن .
— هەلّەی دووبارەوە بوو تاوانە .
— لە پێناوی راستیدا هەموو شتێ لەدەست بدەیت قازانج ترە لەوەی بە درۆ هەموو شتێکت بۆ بچێتە سەر .

— هەڵە بە کوتەك ڕاست نابێتەوە •
— دەتوانی هەموو کەسێ بە هەڵەدا بەری ، بەڵام ویژدانی خۆت نـا •
— کە ویژدان مرد مرۆ لە بەین دەچێ •
— لە هەر کێشەیەکدا خۆت بخەرە جێگەی بەرانبەرەکەت و ئینجا حوکم بدە •
— ئەوی لە خۆر بترسێ ، دەبێ لە تاریکیدا بمرێ •
— ئەوی پشت ئەستوور بێت لە خۆی ، باوەڕەکەی لە هیچ هێزێك ناترسێ •
— ئەوانەی فرزە لە خەڵکی دیکە دەبڕن ، دەزانن باوەڕەکەیان چەوتە •••
ئەگەر بۆ ماوەیەکیش ئەو چەوتیە ڕاگرن هەر دەبێت ببن بە ژێر گڵە خانەوە •
— زەبروزەنگ ترس پەیدا دەکات ، بەڵام هەرگیز خۆشەویستی نارسکێنێ •
— ترس لە زۆرەوە پەیدا دەبێت ، بەڵام خۆشەویستی دەکوژێ •
— ئەو لایەنگیرییەی لە ترسەوە هەڵسا بێ کە هەڵگەڕایەوە دەبێتە رق و تۆڵە •
— خراپە بەرانبەر تاك لە بیر دەچێتەوە ، بەڵام بەرانبەر کۆمەڵ تۆمار دەبێت •
— ئەوی هەر خراپەی یەکێ وبینێ و چاکەکەی لە بیر وباتەوە نمەك بە حەرامە ••• وئەوەش تەنها چاکەکەی بەرچاو دەگرێ و خراپەی فەرامۆش دەکات ، درۆ لەگەڵ خۆیدا دەکات •
— ئەوی. تاقەتی بە شتی نەشکێنەکات چاترە •
— سیاسەتمەداری کە پەکی کەوت گەورەترین و دوا خزمەتی بە گەلەکەی ئەوەیە دەست لە سیاسەت بکێشێتەوە •
— ئارەزوو و ویستی خۆتان تێکەڵاوی مەسەلەی کۆمەڵ نەکەن •
— دەبێ خۆتان بخەنە سەر بارێك کە ویستەکانتان لەگەڵ بیروباوەڕ و ڕێبازەکانتاندا بگونجێ ، نەك ئەوان بکەنە پردی پەڕینەوەیان •
— ئەوەندە خۆت بۆ دۆستەکەت بکەرەوە ئەگەر سبەی دوژمنایەتی کردیت زەفەرت پێ نەیەنێ •
— هەزاران دۆست نەك دوژمنێ •
— نە دەستی دۆستایەتی بدەنە دواوە ، نە لەبەر دوژمنایەتیشدا هەڵێن •
— لە دۆستایەتیدا دەست پێشکەربن ، لە ناحەزیدا تەنها لەسەر خۆوەکەن •
— نە لە دۆستایەتیدا بتوێنەوە و نە لە ناحەزیشدا تا ئەوپەڕی بڕۆن •

— ئەوی هەنگاوێ لێتان هاتە پێش دوان بە پیریەوە بچن ، ئەوەش
بەردی تێ گرتن کوچکی تێ سرەوێنن •
— لە دۆستایەتی و دوژمنایەتیشدا رێگەی مەردانە نە بێت مەیگرنە بەر •
— ڕەمی دۆستەکەت مەکە و بە دوژمنەکەشتدا هەڵمەڵێ •
— کاسە ئاڕووی کەس بەسەرخۆتانەوە مەهێڵن •
— ئـازایـەتـی •••
١— ڕاستگۆیی و وێرای دەربڕینی هەقە •
٢— وەستانەوەیە ، بەڕووی ناڕەوایدا •
٣— نەبەزینە ، لەبەردەم سەختی و دژواریدا •
٤— خۆگرییە ، لە تەنگانەدا •
٥— مانەوە و بەردەوامییە ، لەسەر ڕێباز و بیروباوەڕی دروست •
٦— کۆڵ دانە بە دوژمن •
— لە ڕقی کەس کەسی تر پەسەند مەکەن و لەبەر خۆشەویستی کەسیش دژی
کەسی تر مەبن •
✠ — بە سکە خشکێ بڕۆیت لە داڕشەقی بێگانە چاترە •
— کۆیلەی هاوزمانەکەی خۆت بی چاترە لە پیاوی بێگانە •
— ڕێز لە هەموو بیروباوەڕێك بنێ ، بەس باوەڕەکەی خۆت لە هی کەس بە
کەمتر نەگریت •
— لە سێبەری هەموو کەسێکدا دەتوانی وەحەسێیت ، بەڵام هەرگیز لەژێر
ساباتی کەسدا گەشە ناکەیت •
— خۆت بە کەسەوە هەڵمەواسە و کەسیش لە خۆت تەرە مەکە •
— ڕاستی قایم ترین قەڵایە کە هێرشی هیچ دوژمنی پێی ناگیرێ •
— تووڕە بوون هۆش و هەق دەکوژێ •
— هەڵچوون وەکو شیر وایە هەر خۆت دەسوتێنێ •
— نائومیدی بەڵاترین کارەساتە •
— لە کوێدا چەوساندنەوە هەبێت ئازادی لە دار دراوە •
— یەکسانی کۆڵەکەی کوردایەتییە •
— ئازادی و یەکسانی جووتە دیوی کوردایەتین هیچیان بێ ئەوی تریان
دەردی کورد ناخۆن •



هەواڵنامەی کتێب

— کوردایەتی سەنگەری کوردە دژی ئیمپریالیزم و داگیرکەران •
— دۆستایەتی و هاوکاری بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد و بزووتنەوەی دیموکراسی و بەرەی سۆشیالیستخواز بەردی بناغەی خەباتی رەوامانە •
— دەست لە نێو دەستی دیموکراسی خوازان و سۆشیالیستخوازان نین دژی داگیرکەری و ئیمپریالیزم •
— ئیمپریالیزم و داگیرکەران لە هەر قوژنێکی ئەم جیهانە دوژمنی کوردن •
— جەماوەری زەحمەتکێشی کورد و بەرەی دیموکراسی و سۆشیالیستخواز لە سەنگەری دۆستایەتی کوردان •
— داگیرکەرانی کوردستان و ئیمپریالیزم و چەوسێنەران دوژمنی کوردن •
— دۆست و دوژمن لەسەر را و هەڵوێستیان لە مەسەلەی کورد دیاری دەکرێن •
— رەنجدەرانی کورد بەردی بناغەی کۆمەڵگەکەمانن •
— چەوسێنەران دوژمنی ناوخۆی کوردەوارین •
— چەتەیە ، ئەوەی لە ویستی جەمار دەرچێ •
— ئەوەی کوردایەتی لە مرۆڤایەتی جیاکاتەوە وەک ئەوەیە گیان لە لەش جیا بکاتەوە •
— مرۆڤایەتی کورد ، کوردایەتییە •
— کوردایەتیی کورد ، مرۆڤایەتییە •
— ئەوەی لەناوی کورد سڵ دەکاتەوە ناپاکە •
— ئەوەی شەرمی لە کورد دێت بێ ئابڕووە ! •
— ئەوەی بە ووشەی ( کورد ) پەلەسە دەبێت دوژمنە •
— ئەوەی کوردی خۆش نەوێت سپڵەیە •
X— ئەوەی ( کورد ) ێتیی لا نەنگە ، زۆڵە ! •
— ئەوەی خزمەتی ( کورد ) نەکات نەزۆکە ! زرە ! قرە ! کورد واتە : رەنجدەران ، زەحمەتکێشان ، دڵسۆزان ، بیر روناکان •
— کوردستان تەنها موڵکی کوردە •
— هەموو بێگانەیەکی داگیرکەر لە کوردستاندا ناپەسەندە •

هەواڵنامەی کتێب

ـ هەموو دوژمنانی کورد ، دوژمنی مرۆڤایەتین •

ـ هەموو دوژمنانی مرۆڤایەتی دوژمنی کوردن •

ـ بێگانە لە کوردیتاندا داگیرکەرە •

ـ لەژێر هیچ بارێکدا دوژمنایەتی ی کورد رەوا نی یە •

ـ لە هیچ هەل و مەرجێکدا دژایەتی کورد رەوا نی یە •

ـ خۆسەپاندن بەسەر جەماوردا تاوانە •

ـ چەوساندنەوەی جەماوەر هەر لە دوژمن دێت •

ـ بێگار و تەشقەل مایە پووچی سیاسی یە •

ـ قسەی رووت دەردی کورد ناخوات جەماوەر کاری گەرەکە •

ـ قسەی بێ کردار هەوای ناوهەمانەیە •

ـ شۆرشگێر ئەوەیە لە نێو ژانی گەلدا بژی •

ـ دلسۆز ئەوەیە ، خۆی بۆ جەماوەر تەرخان کردبێت •

ـ لێ هاتوو ئەوەیە ئەرکی سەرشانی ئەنجام بدات •

ـ شایستە ئەوەیە شوێنەکەی پڕبەپڕ پڕکرێتەوە •

ـ ئێمە خۆمان لەکەس بە گەورەتر ناگرین ، بەلام لە کەسیش گچکەتر نین •

ـ لە ئاست دوژمندا گەورەین و لەبەردەم جەماوەر گچکە •

ـ باوەڕ لەسەر راستی هەلنەستابێ هەر دەتەپێ •

×ـ کوردایەتی فەلسەفەی بوونی کوردە ، بۆیە رێبازی ئیمرۆ و رژێمی پاشەرۆژە •

ـ کوردایەتی هەلقولاوی ناخی کوردەوارییە بۆیە تا کورد هەبێ بیر و رێباز و فەلسەفەی دەبێت •

ـ کوردایەتی داوا وئامانجی کوردە ، بۆیە تاکە رێگەی ئازادی و یەکسانی یە •

ـ کوردایەتی رسکاوی هەناوی جەماوەرە ، بویە کالای پڕ بالای رەنجدەرانە •

ـ کوردایەتی واقعی مێژووی کوردە ، بۆیە بیر وئەندێشەی هەمیشە گەشەداری کوردەوارییە •

ـ شەهید خۆری سەرفرازییە •

ـ شەهید کازێوەی رزگارییە •

ـ شەهید شەرەفی میللییە •

ـ شەهید تاکە دڵسۆزی بێ نیازە .

ـ شەهید کۆڵەکەی بوونە .

ـ شەهید تیشکی ( ئازادی و یەکسانی ) یە .

ـ شەهادەت شەرەفێکە خوا بە هەمووی کەسێکی نابەخشێ .

ـ شەهادەت ، مەردایەتی‌یەکە لە دەست کەم کەس دێت .

ـ شەهادەت دوا مەنزڵگەی شەرەفە .

ـ شەهادەت دیاری خودایە بۆ مرۆڤ .

ـ شەهادەت مردنە بۆ رسکانی ژیان .

ـ ئێمە دۆستایەتی هەموو خێر خوایەك دەکەین بەڵام خۆناکەینە پشکۆی کەس .

ـ دۆستایەتی بەرابەری و یەکسانی‌یە .

ـ دۆستایەتی رێز و بەرژەوەندی هاوتایە .

ـ دۆستایەتی بەخودا هاتنەوەیە نەك خۆ نواندن .

ـ دوژمنایەتی زوردار لە دۆستایەتی چاترە .

ـ مەردایەتی لە دوژمنایەتی زوور دەست و دۆستایەتی‌خواز دەست دایە .

ـ لەبەردەم دوژمنایەتی ناچاریدا بوەستە و لە دۆستایەتی ناچاری دوورەکەوە .

ـ دۆستایەتی زۆردار دوژمنایەتی خۆتە .

ـ ئەوی گەلەکەی خۆی بچەوسێنێتەوە چاوەروانی چاکەی لێ ناکرێ .

ـ بەرەنگاربوونەوەی ناڕەوایی و چەوساندنەوە ، شەرەف و ئەرکی میللی‌یە .

ـ زۆردار بە کوتەك کەللەی نەرم دەبێت .

ـ لەسەرکەوتندا ئەوەندە کەس بە دەوری خۆتەوە بهێڵە کە لە تەنگانەدا فریات بکەون .

ـ نەکەوا سووری بەر لەشکر بەو نە پیرێژنە شەلەی لە عێل بەجێماو .

ـ ئەوەندە نەرم بە نەجورێیت و ئەوەندەش رەق بە نەکرتێیت .

ـ لەقەدەر لوولاقت هەنگاو هەڵێنە .

ـ لە تەنگانەدا ئەوەندە هەڵپە بکە سەرکەوتنەکەت بێ بایەخ نەبێت .

ـ رۆژانی سەرکەوتن ساتانی نووچدانت لە بیر بێت و کاتی تەنگانەش چاو لە ئاسۆی سەرکەوتن ببرە .

هەواڵنامەی کتێب

- ئەگەر نەتتوانی کەسی بکەیتە دۆست مەشی کە دوژمن .
- نە بە پشتی کەس بجەنگە و نە لە ترسی کەسیش هەڵێ .
- تێ بشکێی نەك هەڵێیت ، لەویان بە مەردی دەمری و ئەمیان بە سووکایەتی دەژی .
- ئەوی زۆر لە خۆی رازی بێت نەخۆش و ناتەواوە ، ئەوش زۆر خۆی بە کەم بگرێ ، سووك و گەندەیە .

---

هەواڵنامەی کتێب

پارتی سوشیالیستی کورد
( پاسوك )
لکی ئەوروپا - چاپ و بلاوی کردوتەوە

چاپی سیهەم
تەمووز / ١٩٨٥ ف - ٢٥٩٧ ك